# مەحروم کردنی دایکێک لــ

(پەریزاد)هەمووی ساڵ و نیوێك لای مێردی مایەوە، کە مێردەکەی تەڵاقیدا. کێشەی (پەریزاد) تەڵاقەکە نەبوو بەڵکو ئەو منداڵە بوو کە مێردەکەی بە هەموو جۆرێك دەیویست لێی زەوت بکات، با لێگەڕێین (پەریزاد) بەخۆی دەردی خۆی باس بکات و ئێمەش گوێی لێبگرین.

لە تەمەنێکی زۆر زوو مێردم کرد، بەڵام چ مێردێك، کەسێکی رەزیل و پارە پەرست! دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەژارێکی دەستکورت لەو تێرتری دەخوارد، دەوڵەمەندییەکەی هەر رووکەش بوو، دەنا پیاوێکی چاوتەنگی هیچ نەخۆر بوو، کە هاتە خوازبێنیم، رام لێنەبوو، چونکە شانزە ساڵ زیاتر لەمن گەورەتر بوو، بەڵام کەسوکاری هەردوولا بەهاریان هێنایە سەر چۆکان، ئەوەندەیان بە شان و باڵی هەڵدا کە کوڕێکی تا بڵێی باش و رێکوپێکە، زۆر چاوتێر و سەخی تەبیعەتە، کەسێکی نەرم و نیان و هێمن و لەسەرخۆیە، دڵسافەو باشە، بە کورتی وەسف نەما نەیخەنە پاڵی، پاش بیرکردنەوە و دوو دڵییەکی زۆر رازی



# ـــــه دیتنی منداڵەکەی

بووم، ئینجا ڕێوڕەسمی مارەکردن و شەکراو خواردنــەوە ڕێکخرا، لــەو ماوەیەدا چییان وتبوو لەســەری، بەتایبەتی کەســوکاری خۆی، هەوڵــی دەدا، وا خۆی دەربخات، دوو ســێ مانگ بە دەزگیرانی ماینەوە، لەو ماوەیەدا لە هەندێك شتی قەڵس دەبووم، وەکو ئەوەی زۆر لەســەر شــتان دەڕۆیی، هەســتم دەکرد ئەگــەر ململانێی لەگەڵ یەکێك هەبایــە ڕق و کینەیەکی زۆری لە بەرامبەر هەڵدەگرت، هەتا پێیدەکرا دژایەتی دەکــرد و زەرەر و زیانــی لێــدەدا، ئەگەر هچیشــی پێنەکرابا، بە قسەو زەم کردن و قسەی پاشملە و ناوزڕاندن و بوختان پێکردن ڕقی خۆی لە بەرامبەر هەڵدەڕشــت، بەڵام ئەمجۆرە ڕەفتارانەی لەگەڵ من نەدەکرد، یان زۆر بە ســادەیی و کەمی لە بەرامبەر منی دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر شــتێکم بە گوێــی نەکردبایە.! ماوەی دەزگیران بوونم دوو سێ مانگی خایاند و ڕۆژی زەماوەندی دیاریکرد و ئاهەنگی گواستنەوەم ڕێکخرا، ئیتر دوای گواستنەوەم وردە وردە ناکۆکی من و ئەو دەرکەوت، بەپێچەوانەی ڕۆژانی دەزگیرانی، هەرچی سیفاتی خراپ هەبوو بەدیار دەکەوت، بێجگە لەو ســیفاتانەش، وەکو ڕەزیلی، گۆتە گــۆت و بۆڵە بۆڵی نەبڕاوە، دڵپیسیش بوو، کە لەماڵەوە شەڕی دەکــرد جنێوی بە دایك و باوکیشــم دەدا، وایکردبوو، دەبوایە ئەگەر بمویستبایە بچمە ماڵی باوکم نەك هەر پرسی پێبکەم، بەڵکو دەبوو ڕازی بایە، ئەوجا بچمە ماڵی باوکم. چوونــە دەرەوە، بەبێ ڕازی بوونی ئەو هەر قەدەغەبوو، چێشتێك ئەو نەیوستبایە نەدەبوو لێیبنێم، بەهەرحاڵ هەتا منداڵمان بوو، دوو سێ جار لێی تۆرام و ئاشت دەبووینەوە و بە تکا و ڕجای کەسوکاری دەچوومەوە لای. منداڵەکەم ببووە سێ مانگان کە کێشەکانمان گەیشتە ڕاددەیەك ئیدی بە یەکجاری ماڵم بۆی بە جێهێشــت، چۆن ڕۆیشتم هەر ئەو ڕۆیشــتنە بوو، نەچوومەوە لای. پاشــان داوا و داواکاری دادگا دەســتپێکرد و لە دادگا شتەکانمان بڕاندەوە. مافەکانی خۆم هەموویم بــە تەواوەتی لێوەرگرت و دادگا منداڵەکەشی پێدام، چونکە شیرە خۆرە بوو، ئەم منداڵە تەمەنی بووە چوار ساڵ، کە من خوازبێنیم هات و مێــردم کرد، ئەو مێردەم پیاوێکی زۆر دڵساف و باش بوو، بەخۆی لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی وڵاتێکی ئەوروپا یاریدەدەری پزیشك بوو و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتــەی هەبوو، ســاڵانێکی زۆر بوو لەو وڵاتە نیشــتەجێ بوو، ئەوەبوو ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە من بچمە ئەوێ و لەوێ لەگەڵی بژیم، دەشــبوو تــا کاروبارەکانی نیشــتەجێ بوونم لەو وڵاتــە ئەوروپیە بۆ جێبەجێ دەکات دوو ســێ جاران ســەفەر بکەم، جاری یەکەم کە ســەفەرم کرد لای دایکم بەجێهێشــت، باوکیشی هەقی هەبوو پانــزە ڕۆژ جارێك بیبینــێ، هەتا هاتمەوە دایکم وتبووی دوو سێ ڕۆژان منداڵەکەی زەوت کردبــوو، چەند جارێــك تەلەفۆنمان بۆی کرد و هەڕەشــەی شکایەت کردنمان لێکرد ئینجا گەڕاندییەوە.

جاری دووەم کە ســەفەرم کرد نزیکەی سێ مانگم پێچوو، هەتا هاتمەوە سکاڵای کردبــوو، چوو بــووە بنکــەی پۆلیس و وتبووی دایکی مێردی کردووە و ڕۆیشتۆتە ئەوروپــا و منداڵەکەشــی لای خزمێکی خۆی بەجێهێشــتووە و ناشــیداتەوە من، ئەوەبوو پۆلیس منداڵەکەیان دابویە، دایکم چەنــدی هەوڵدابوو منداڵەکە وەربگرێتەوە، بێسوود بوو، وایکردبوو نەیدەهێشت تەنانەت دایکم هەر منداڵەکــەش ببینێ، هەتا من کاروبــاری دەرەوەم تەواوکرد، منداڵەکەم لە دەست دەرهات.

**قەدەغەکردنــی دایــك لــە بینینــی منداڵەکەی**

(پەریزاد) درێژە بە گێڕانەوەی ناکۆکی خۆی و مێردی پێشووی لەسەر منداڵەکەیان دەدات و دەڵێ: من بڕیارمدا نەچمەوە ئەوروپا تا کێشەی وەرگرتنەوەی منداڵەکەم چارەسەر نەکەم، بۆیە لە دادگا سکاڵام لە دژی تۆمار کرد، جا سەرەتا داوام کرد هەتا ئەو کێشەیە بەلایەکدا دەکەوێ منداڵەکەم هەفتانە ببینم، بڕیاری دادگام لەو بارەیەوە وەرگرت و ڕۆژ و کاتەکەم بۆ دیاریکرا، لە ڕۆژی دیاریکراو چووم لە شــوێنی مەبەست لە ناو هۆڵێکی دادگا منداڵەکــەم ببینــم، کەچی ئەوێ ڕۆژی نەیهێنا من خەریکبوو دڵم دەتەقی و دەسووتام بۆ بینینی منداڵەکەم، چونکە چەند مانگێك بــوو نەمبینیبوو، کەچی نەیهێنا. ئیتر ئاگاداری بنکەی پۆلیســم کرد و هەر ئەو ڕۆژی بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچوو، کە بەمەی زانی لە ترســان بەیانی هێنای! بەڵام چ هێنانێك منداڵ شڕوشپڕێو، دیاربوو ماوەیەك بوو حەمامی پێنەکرابوو، لە ڕووی دەروونییەوە دارووخاو، کە هێنایانە ژوورە لە باوەشی خۆی گرتبوو، منداڵەکەم کە چاوی پێمکەوت بانگی کردم و زیڕاندی. لەلایەکەوە منداڵەکەم بانگی دەکردم، لەلایەکی تریشەوە لە پشتەوە کراسەکەی وەها توندگرتبوو کە دیار نەبێ و منداڵەکە ئامێزی بۆم نەکاتەوە، ئەوەبوو لەوێ ئەفســەرەکە حاڵەتەکەی دیت و فەرمانی پێکرد منداڵەکە بەردات و هاتە باوەشــم، کاتژمێرێك یەکتریمان بۆن و ماچ کرد، تێر تێرم لــە ئامێزم گرت، کە وەختی بینینەکــە تەواوبوو بە گریان لە بندەســتی دەرهێنام، من بگــری ئەو بگری، هەرچی لەوێ بوو ســکیان پێدەسووتاین، ئەفسەرەکە پێــی وت: کاکە تۆ بۆچی ئــەم منداڵ و دایکە وەهــا لێدەکــەی و ئازاریان دەدەی، ئــەو ژنە جەرگییەتی و لەتۆ زیاتر دەتوانێ ئــاگاداری منداڵەکە بێ و خۆشەویســتی و میهرەبانــی بداتێ.. بیکە ئینســانییەت بەخۆت بیــدەوە با لای دایکی بێ، کەچی بە ئەفســەرەکەی وت: تا پێمبکرێ ئازار و ئەشکەنجەی دەدەم، لای من منداڵ گرنگ نییە، ئــەوەی دەمەوێ بیکــەم، ئازاردانی دایکیەتی، دەمەوێ بە خەفەتان بەسك بدات، ئیتر منداڵەکەی برد و ڕۆیشت، من هێندەی دیکە دەستم بە گریان کرد، ئەفسەرەکە پێی وتم کە سکاڵات تۆمار کرد داوای من بکە، دەبمە شایەتی ئەو قسانەی کە کردنی.

بەمجــۆرە دادگا خەریکی داواکەم بوو، تا گەیشــتە ئەوەی ئەفسەرەکە وەك شایەت شایەتی خۆیدا، ئینجا دادگا قەناعەتی بەوە هات بەرژەوەندی منداڵەکە لەوەدایە بدرێتەوە بە من، ئەوەبوو، من بەپێچەوانەی پەروەردە و عەقڵییەتی ئەو زۆر بە ئاسانی ڕێگەم دەدا بیبینێ، نەمویست ئەو ئازارەی کە بە منی دەگەیاند هەمان ئازار بچێژێ، ئەگەر وەکو منیش خۆشەویستی و سۆزی بۆ نەبێ، با منداڵەکە زەرەرمەنــد نەبێ و لەو ناکۆکییە بەدووربێ.

هەتا هاتمەوە سکاڵای کردبوو، چوو بووە بنکەی پۆلیس و وتبووی دایکی مێردی کردووە و ڕۆیشتۆتە ئەوروپا و منداڵەکەشی لای خزمێکی خۆی بەجێهێشتووە و ناشیداتەوە من

بەمجۆرە دادگا خەریکی داواکەم بوو، تا گەیشتە ئەوەی ئەفسەرەکە وەک شایەت شایەتی خۆیدا، ئینجا دادگا قەناعەتی بەوە هات بەرژەوەندی منداڵەکە لەوەدایە بە من بدرێتەوە

# بەسەرهاتی ئەو کچەی باوکی بازرگانی پێوە دەکرد!!



**جیابوونەوەلە مێردی سێیەمیش**

(جوان) هێشتاکە تەمەنی بیست و حەوت ساڵییە، تا بڵێی شۆخوشەنگ و جوانە، مرۆڤ کە تەماشای بکات نەك بەیەك دڵ بەسەد دڵ حەیرانی دەبێ، کاتێك قسەی لەگەڵ دەکەی، زۆر بەڕێکوپێکی دێتە ئاخاوتن، لە ژیانی هاوسەریدا، سێ جار مێردی کردۆتەوە، باشە کە ئاخاوتن و ئاکار و رەفتاری هیچ خەوشێکی نەبێت، چ سەیرە سێ جار مێرد بکاتەوە، واتە سێ جار تەڵاق دراوە، با بۆ خۆی دەردەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە و ئێمەش گوێی لێبگرین.(جوان) گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بەمجۆرە دەستپێکرد و وتی: هەر کەسێك بزانێ و بمناسێ کە لەم تەمەنەدا سێ جار بە مێرد دراوم، سەری سوڕدەمێنێ، ئەوە دوو ساڵە دامەزراوم لە فەرمانگەی حکومی، لە فەرمانگە کە دەموت مێردی سێیەمە ژنە فەرمانبەراکان دەیانوت: بێ قەزابی یەکێ لە تەمەنی تۆ بێت چۆن سێ شوو دەکات، خۆ تۆ جارێ هەر لەسەرەتای گەنجێتیدای، یان هەبوو دەیانوت: بەخوا گاڵتە دەکەی دەنا، ئەوە ئێمە بە حاڵ مێردێکمان دەستکەوتووە، رەفیقمان هەیە ئێستاکە قەیرە کچە و بە جۆرێك مەمنونی ئەو خودایەیە، ئەوە بێجگە لەو هەموو پرسیارە ناخۆشانەی کە دەیانکرد و دەیانوت: بۆچی لە مێردی یەکەمت جیابوویتەوە، بە مێردی دووەمت رازی نەبووی، ئەی عەیبی مێردی سێیەمت چی بوو، باوکت چی پێت دەوت، چۆن تەڵاقت وەها بە ئاسانی وەردەگرت، پیوەندیت لەگەڵ مێردەکانت چۆن بوو...؟ دەیان پرسیاری دیکەش کە هێندەی دنیایەك پێیان قەڵس دەبووم، بەڵام چی بکەم خۆ هەڵقورتاندنی خەڵك لە ژیانی تایبەتیت و قسە ناخۆشەکانیان و پرسیارە بێ هۆیەکانیان لە هەموو ئان و ساتێك بەرۆکت دەگرن.

کە مێردی یەکەمم کرد تەمەنم بیست ساڵی رێك بووم، ئەو مێردەم مامۆستایەکی ناوەندی بوو، پیاوێکی تا بڵێی نەرم و نیان و باش بوو، حەوت ساڵێك لە من گەورەتر بوو، زۆر رێز و قەدری دەگرتم، بەڵام تاکە خەوشێك کە هەیبوو، رەزیل بوو، بگرە زۆریش رەزیل بوو، بەو بوایە رۆژی سێ ژەمە تەنیا و تەنیا نان و ماست بخۆین، کە هاتە خوازبێنیم زۆر شەیدام ببوو، لە سەرێکەوە جوان بووم و لە سەرێکی تریشەوە حەوت ساڵ لەو بچووکتر بووم، ئامادە بوو زۆر شت بدات، بە مووچەی مامۆستایەتییەکەی و وتنەوەی وانەی تایبەتی، توانیبووی خانوویەك و ئۆتۆمبێلێکیش بکڕێت، کە هاتە خوازبێنیم باوکم سەرەتا خۆی گران کرد، هەندێ داواکاری هەبوو، مێردەکەم پێی زۆر بوو، باوکم لە داواکارییەکانی نەهاتە خوارەوە، داوای سێ هەزار دۆلار واتە(سی ) گەڵای لێکردبوو، وتبووی ئەمە نەختی کچەکەمە، ئینجا خۆی چی بۆ دەکات یان ناکات هەوەسی خۆیەتی و هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییە، مێردەکەم زۆری خۆی هێناو برد، زۆر کەسی تری بەگژ وەناین، سوودی نەبوو، کە زانی هیچ ئەنجامێك بەدەستناهێنێ، ناچار بوو رازی بێت، کاتێکیش منی مارەکرد، لە یەك دوو پارچە زێڕی بچووك زیاتر هیچی دی بۆ نەکردم و دەیوت نەختت هەمووی چووە قوڕگی باوکتەوە، دەبوایە ئەو پێداویستەکانت بۆ دابین بکات، کەچی هەمووی زەوت کرد، کە گواستمیەوە یەك دوو قەدە جلوبەرگم زیاتر نەبوو، هیچ شتێکی وای بۆ نەکردم بەبیانووی ئەوەی دەبوایە لەو پارەیەی کە باوکم وەریگرت بۆم بکڕدرایە، بەهەرحاڵ هەر چەندە سکم بەخۆم دەسووتا، بەڵام نەشمکردە کێشە لەسەری، چەند مانگێك لای بووم کەچی رۆژ بە رۆژ لە کورتیم دەدا و لاواز دەبووم، چەند جارێك لەسەر خەرجی ماڵ

ناکۆکیمـــان لە نێواندا لێ پەیدابوو، جارێکیان ماڵم بەجێهێشـــت لەبەر ئەوەی لەسەر لێنانی مریشـــکێك کردیە شـــەڕ و ئاژاوە لەگەڵم و بۆڵەبۆڵێکـــی زۆری لەگەڵدا کـــردم و بووە بینـــە و بەردەیەکی زۆرمـــان، لەوەتەی ژنی بـــووم قەت وا بە تونـــدی و ڕەقی مامەڵەی لەگەڵدا نەکردبووم، کە چوومەوە ماڵی باوکم، ئەوەی کە سەیر بوو ئەوەبوو باوکم پشتگیری منی کردو دژی مێردەکەم وەســـتایەوە، کاتێك کە مێردەکـــەم دوای چوار ڕۆژان ئەوجا هاتە دوام مشتومڕێکی زۆری لەگەڵدا کرد و زۆر بە توندی ڕەتیدایەوە و پێیوت: هەڵسووکەوتی خـــۆت لەگەڵی باش دەکەی باشـــە، ئەگەر نـــا کچەکەمت نادەمەوە، ئیتر قســـەیەك لەو قســـەیەك لە مێردەکەم ســـوێندی بە تەڵاقی خـــوارد و وتی: بە تەڵاقم ئەگەر هەر ئەمڕۆ بەخۆت نەگەڕێیەوە ماڵەوە ناهێڵم پێت بە ماڵم بکەوێتەوە، کە ئەم قسەیەی کرد، باوکیشم وتی: دە بە تەڵاقم تازە پێی بە ماڵت ناکەوێتەوە، ئەوە بوو تەڵاقیـــدام و مانگێك زیاتر بوو لە ماڵی باوکم بووم، کە تەڵاقنامەم بۆ هاتە ماڵەوە لە ماڵی باوکم بووم، چاوم پڕ گریان بوو، دەستم بە فرمێســـك ڕشـــتن کرد، باوکم وتی: هیچ خەمـــت نەبێ پارێزەرێکت بـــۆ دەگرم هەموو مافەکانت بۆ وەردەگرمەوە، ماف، چ لە ماف بکەم وەکی من ماڵم لێتێکچوو، بەهەرحاڵ لە ڕێـــی پارێزەرێکەوە لە دادگا داوای مافەکانم کرد و بژێـــوی و قەرەبووی تەڵاق و مارەیی دواخراوم وەرگرت.

## مێردی دووەم

(جوان) درێـــژە بە گێڕانـــەوەی چۆنییەتی مێردکردنەکانـــی دەدات و دەڵـــێ: بەمجۆرە پەیوەندی هاوسەرێتیم لەگەڵ مێردی یەکەمم بەیەکجارەکی پچڕا و مانگێك دەبوو تەڵاقی دابووم، بەهۆی ناسیاوێکمانەوە زانیمان کە ژنی دووەمی هێناوەتەوە، باوکم سوێندی خوارد کە نابێ مانگێکی بەسەردا بچێ لە ڕقی ئەو بە مێردم بداتەوە، هەفتەیەك دوای ئەم قسەیەی باوکم، ئێوارەیەك دایکم وتی سبەی شەو ماڵی فلانی دێنـــە ماڵمان(مەبەســـتی ژنەکانیان بوو)، قسەکەی دایکم ڕاست دەرچوو، شەوی دواتر ماڵەکە هاتن، قســـەکەرەکەیان ژنێکی پەنجا ســـاڵەی قســـە زان بوو، داوای منی دەکرد بۆ برایەکی کە ئەندازیار بوو، بەڵام پیرە کوڕ بوو، تەمەنی (٣٨) ســـاڵێك دەبوو، من هەر ئەو شـــەوی ڕەتمکردەوە، بەڵام بە ماڵی خوازبێنیکـــەرم نەوت، بەڵکو تەنیا بە دایکم و باوکم وت، باوکم ئەو شـــەوی تێروپڕی لێدام، من هەر لەســـەر قسەکەم ســـوور بووم، دایکم لەبەر ئەو هەڵوێســـتەی مـــن، وەڵامدانەوەی چەند هەفتەیەك دواخســـت، بەڵام کوڕە ڕۆژ بە ڕۆژ تەنگەتاوتـــر دەبوو، تۆمەز ئەو منی دیبـــوو، بەڵام من ئـــەوم نەدیتبـــوو، نازانم چۆن بـــوو دایکم لەگەڵی ڕێککەوتبوو کە بە بەهانەی شـــتێك خۆی و دایکی و خوشکی بێنە ماڵمـــان بۆ ئەوەی منیـــش ببینم، بە هەرحاڵ پاشنیوەڕۆیەك هاتن کە زانیم میوان هاتـــوون، چوومە مەتبەخ و چام ســـازکرد و بردمەوە ژوورەوە، نایشارمەوە کە چاوم بە کوڕە کەوت بەدەســـت خۆم نەبو دڵم کەوتە سەری، ئیتـــر دواتر زانیم ئەوە داخوازیکەرەکەمە، هەر چۆنێك هـــەم خۆم نەرمیـــم نواند و هەمیش دایکم و باوکـــم لەبن گوێچکەیـــان خوێندم و ڕازییـــان کردم، کە ڕازی بـــووم، لە زمانی دایکمەوە زانیم کە باوکم دیسان داوای نەختی کردووە و بەنیازیشە بۆ خۆی بگێڕێتەوە، من لەوە ترســـام و بە دایکم وت: ئەگەر نەختەکەم وەکو مێردی یەکەمم بخوا، ئەوا بڕۆ دڵنیای بکەوە کە مێردی پێناکەم، ئەو کێشەیە هەشت نۆ ڕۆژێکی خایاند، پاشـــان کێشـــەکە بەوە چارەســـەرکرا، کوڕە وتبووی با(جوان) هەقی بەســـەر ئەو نەختەوە نەبێ باوکم دەیگێڕێتەوە، ئەو هەرچی بیەوێت من بۆی دەکەم، باشە ئەو کێشەیەش چارەســـەر کرا، کابرا هەم باوکمی ڕازی کـــرد و هەم منیش، تا بڵێی گەنجێکی ڕێکوپێك و بەرچاو و ســـەخی تەبیعەت بوو، ســـاڵی یەکەمی ژیانی هاوســـەرێتیمان بێ گرفت بەســـەربرد چ کێشـــەمان نەبوو، پاش ساڵەکە دایکی داوای منداڵی دەکرد، ئێمەش پزیشك و نەخۆشخانە نەما سەردانی نەکەین، ئاخیرییەکـــەی دەرکـــەوت کەموکوڕییەکـــە لەخۆیەتی، بەڵام مێردەکەم ڕاســـتییەکەی بە دایکی نەدەوت و شەرمی دەکرد بڵێ کێشەکە لەخۆیتی.

دایکشی ڕۆژ تا ئێوارە تیر و توانجی تێدەگرتم و دەیوت: ئەو ژنەت ڕاستە جوانە، بەڵام داری بێ بەریش هەر بۆ بڕینەوە باشـــە، مەبەستی ئەوە بوو ژنم بەسەر بێنێ، من بڕیارم دا و وتم یان ماڵی خۆمان دەکەین یانیش ڕاستییەکەی چۆنە ئـــاوا بە دایکـــت دەڵێم، لەســـەر ئەم هەڵوێســـتەم شـــەڕی لەگەڵدا کردم و لێیدام، کە دایکی بەشەڕمانی زانی وتی: لەسەرچی بەشـــەڕ دێن وتم مێردەکـــەم خەریکە زمانی درێـــژ دەکات و پێی لە قەدەر بەڕەکەی زیاتر ڕاکێشاوە، دایکشی ڕووی قسەی لە من کرد و وتی: لەوەی کە نەزۆکی و منداڵت نابێ قسە ناکەین، هێشتا تۆ زمانت لەسەر کوڕەکەمان کە تاقانـــەی دایکی و باوکییەتی درێژ دەکەی؟ وەعد بێ دەبێ ژنێکی ترت بەسەربێنێ، ژنە نە دەیزانی ئەسڵی مەسەلە چییە و نەدەزانێ هۆی شـــەڕەکەمان چییە، ئەوجاش قســـەم پێدەڵێ و قەرزاربارێشـــم دەکاتـــەوە، لە دڵی خۆمـــدا وتم: خۆ من تەقیـــم دە ئیدی کاتی ئەوەیە کە ڕاســـتییەکان بڵێـــم و وتم: دەگوێ بگرە مامۆژن، ئەوەندە بەســـەر شـــان و باڵی کوڕەکەتدا هەڵمەڵێ، هۆی منداڵ نەبوونمان ئەوە نەك من، ئەگەر باوەڕیش ناکەی وەرە هەر ئێستا دەچینە لای پزیشك و خۆمان دەپشکنین و ئەوسا بەدەردەکەوێت کێ داری بێ بەرە.

کە واموت دایکی تەماشـــایەکی کوڕەکەی کرد و بە چاوی پرسیارەوە تێیڕاما، کە دیتی کوڕەکەی ســـەری لەبەر خۆی ناوە و قســـە ناکات.

بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە و بە کوڕەکەی وت:

ئەگـــەر تۆ تۆزقاڵێـــك پیاوەتیت هەبێ، یەك چرکە ئەو ژنە لای خۆت ڕاناگری، مادام وەها بێ پەروا و بێ شـــەرم نهێنیتی ئاشکرا کرد، ئیدی ئەویش لەشەرمان پێی لێنا و قسەکەی دایکی بەجێهێنا و هەر لەوێ تەڵاقیدام.

## مێردی سێیەم

ســـەبارەت بـــە مێردکردنـــەوەی ســـێیەم جاریش(جوان) وتی: دیســـان، باوکم ڕێگەی دادگا و دادگا کاری پێکردمـــەوە، پـــاش ســـاڵێك دووبارە بە مێردی دامـــەوە، بەڵام ئەمجـــارە گەنجێکـــی ژن مـــردوو بوو، کە دوو منداڵـــی بچووکی هەبوو، لەســـەر ئەو مێردکردنەوەم دەســـتێکم شکا، دەموتە باوکم: باشە ئاخر من خزمەتکارم تا مێرد بە کەسێك بکەم وەکـــو دایەنی منداڵەکانی تەماشـــام بکات، لە ژێر فشـــار و لێدان و ئازاردان و بە زۆری زۆردارەکـــی، مێردم کرد، کابرا دەتوت بە مووچە منی کڕیـــووە وەکو خزمەتکاری منداڵەکانی تەماشای دەکردم، ژیانم لەگەڵ ئەو مێردە هەر ناخۆشـــی و زەحمەت و ئازار و لێدان بوو، ئاخیرییەکەی بە لێدان دەریکردم و ناردمییەوە ماڵەوە و تەڵاقیدام، لە مێردی دووەم حەزم نەدەکرد تەڵاق بدرێم، بەڵام لەوەی ســـێیەم پڕ بە دڵ حەزم دەکرد تەڵاقم بدات و لە دەستی ڕزگاربم، ئێستاکە کە باوکم ئەمری خوای بە جێهێنـــاوە و منیش فەرمانبەرم و مووچەم هەیە، نە بیر لە مێردکردن دەکەمەوە نە پێویســـتیم بە هیچ هەیـــە و مووچەکەم باشـــە و بەشم دەکات و دایکیشم بەخێودەکەم و سەریشم زۆر ڕەحەت و ئارامە و تا ماویشم جارێکـــی تر نەك هەر مێرد ناکەمەوە، بەڵکو بیریشی لێناکەمەوە.

کاتێکیش منی مارەکرد، لە یەک دوو پارچە زێڕی بچووک زیاتر هیچی دی بۆ نەکردم و دەیگوت نەختت هەمووی چووە قوڕگی باوکتەوە، دەبوایە ئەو پێداویستەکانت بۆ دابین بکات

کابرا دەتوت بە مووچە منی کڕیوە وەکو خزمەتکاری منداڵەکانی تەماشای دەکردم، ژیانم لەگەڵ ئەو مێردە هەر ناخۆشی و زەحمەت و ئازار و لێدان بوو

# بێریڤان....
# قوربانی خێزانێکی لێکترازاو

### بێریڤان لە بەردەم دادگادا

پاش ئەوەی (بێریڤـــان)ی تەمەن حەڤدە ســـاڵە، لە ماڵێکدا لەگەڵ (شـــێروان) دەســـتگیر دەکرێـــن، دەبردرێنە بنکەی پۆلیس و لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت (شـــێروان) لەســـەر ئەوەی کە کاری بەدڕەوشـــتی کـــردووە و کرێی لەســـەر وەرگرتووە، دۆســـیەی لە دژ دەکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی ســـەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت، دۆسیەی (بێریڤان)یش بەتایبەت لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە هەرزەکارە و هێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی لێهاتووی یاسایی تەواو، بۆیە وەك ناکام دادگایی کردنی دەستپێکرد و ڕەوانـــەی دادگای تایبەتمەند کرا...

کاتێك دادگا پرسیاری ئەوەی لێکرد کە بۆچی بەم تەمەنەوە دەستی داوەتە کاری لەشفرۆشیی، (بێریڤان) کە کچێکی باڵا بـــەرزی چاو گـــەورە و خڕپن و جوان بوو، چاوی بڵند کرد و ســـەیرێکی پڕ مەغزای دادوەری کرد و وتی: جەنابی دادوەر من هەر حوکـــم دەدرێم دەدرێم، لێمگـــەڕێ با تـــەواوی بەســـەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، ئەوجا پاشـــان لە قسەکانمدا کامەیانت پێ باش و دروست بوو، تۆماری بکە و با لەســـەرم ببێتە ماڵ، تەمەنم پانزە ساڵان بوو کە دایکم و باوکـــم لێك تـــۆران، باوکم بە هەموو شێوەیەك ســـەرکۆنەی دایکمی دەکرد، ڕۆژ نەبوو بـــڕو بیانوویەکی پێنەگرێت و لێینەدا، ڕێز و خۆشەویستی لە ماڵی ئێمە نەبوو، باوکم بـــەردەوام جنێوی بە دایکـــم دەدا و بەردەوام دەیشـــکاندەوە و ســـووکایەتی پێدەکرد، هۆیەکەشی دوو شـــت بوو، یەکەمیان دایکـــم بە چوار ساڵ لە باوکم گەورەتر بوو، دووەمیشیان براژنێکی دایکـــم ڕەدووکەوتبوو، بەڵام چـــۆن بـــوو، ئـــەو براژنەی حـــەز لە برایەکـــەی دەکات و مـــاوەی یەك دوو ساڵ پەیوەندییەکی خۆشەویستی بەتین بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، براکەی دایکم دەچێتـــە خوازبێنـــی، بـــەڵام نایدەنێ، بەتایبەتی کە دەزانـــن پەیوەندی هەیە ئیتر دەبێتە ناخۆشـــیان، چەند جارێکی تـــر خوازبێنیکەر دەنێرنـــەوە، ئەوان هەر ڕەتـــی دەکەنەوە، ئەویـــش ناچار دەبێ هەڵیدەگرێ و دەڕۆن، پاش دوو ســـاڵ و نیـــو دێنـــەوە و مەســـڵەتی دەکەن و کۆتایی پێ دێت، کەچی باوکم بەردەوام ئەوەی بە چاوی دایکمدا دەدا، هەموو ئامانجی باوکم ئەوەبوو ژنێکی تر بێنێ، ئەوەبـــوو ئاخیرییەکـــەی ژنێکی تری هێنا و ماڵێکی ســـەربەخۆی بۆ دانا، هەفتەی جارێك دەهاتە سەردانی ئێمە و بەحاڵ مەسروفی دەکردین، تەنیا کرێی خانووەکەی بۆ دەداین، کەچی بۆ ژنەکەی تری هەڵڕشـــتبوو، باوکم هەبوونیش بوو ئینجا وایلێدەکردین، جاری وا هەبوو، نان نەبوو بیخۆین، من هەر چەندی دەمکرد نەمدەزانی چۆن ببمە پاڵپشـــتی دایکم، کە باوکم ئـــەو ڕۆژەی دەهات و لێیدەدا یا ســـووکایەتی پێدەکرد، من بەرگریم لێدەکرد، دەهات لەســـەر ئەوە لە منیشی دەدا، منیـــش بەرەنگاری دەبوومەوە، تا وام لە باوکم کرد نەتوانێ چیتر لێیدات، بەڵام کە زانـــی ئیتر ناتوانێ بە کەیفی خۆی لێیدات، هات بە مەسرەف نەکردن زەلیلی دەکرد، وایلێهات شتێك نەبوو لە مـــاڵ بیخۆین، دایکم ناچار بوو لە دوو ماڵە دەوڵەمەنـــد هەفتەی هەر ماڵەی ڕۆژێـــك کاری دەکرد لـــە بەرامبەردا مانگانەیەکیـــان بـــۆ بڕیبووینەوە، کە دەچـــووە ئەو ماڵانە منیشـــی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، پاشان دووچاری نەخۆشی هات، ناچار بووین دەچووینە تەنیا یەك مـــاڵ و وازمان لـــە ماڵەکەی تر هێنا، ئەو ماڵە ســـێ چوار کچ و دووکوڕیان هەبـــوو، کوڕی گەورەیان بـــە ژن بوو، ماڵی خۆی هەبـــوو، کوڕی بچووکیان کە تەمەنی ئەوســـا بیست ساڵ دەبوو، لەگەڵیان بوو، کوڕە کـــە ناوی (زریان) بوو، شێت و شـــەیدای من ببوو، بەڵام مـــن بڕوام پێنەدەکرد، ئـــەو ڕۆژەی کە دەچووینە ماڵیان، بەهەر بیانوویەك بایە لە ماڵ نەدەچووەدەر، وازی لێنەدەهێنام بەردەوام هەوڵی لەگـــەڵ دەدام، دواجار پێیوتم کە دایکیشـــی و باوکیشی ڕازین کە بێتە داخوازیم، ئیدی بەڵێنی سەوز و سووری وای پێدەدام، بە تەواوی مەستی هێنانەدی ئەو خەونانەبووم کە بێنەدی، مووچەی دایکمی کردە دوو هێندە، دوو هێنـــدەش پارەی لە من خـــەرج دەکرد، هـــەر لە کڕینی جلوبـــەرگ و ئاڵتوون تا دەگیشـــتە ئەوەی خۆی دەکردە خاك و خۆڵ لەبەر پێمـــدا، منیش وردە وردە بڕوام پێکرد و بەڕاســـتی چووە دڵمەوە و خۆشمویســـت، پێنج شـــەش مانگان ئەوە هەوڵی بوو، ڕۆژێك من لە نهۆمی سەرەوەیان خەریکی ماڵ خاوێن کردنەوە بووم، دیتم لێم پەیدا بوو، بە قسەی خۆش دەرگاکەی داخست و لێمهاتە پێش.

ئەمە کاری یەکەمی بوو، چەند جارێکی تر دووبارەی کردەوە، منیش هەر دەمووت کەی دێیتە خوازبێنیم و ئەویش دەیووت ئەو مانگەی بێتـــەوە دێم، ئیدی زانیم درۆم لەگەڵدا دەکات و دەســـتخەڕۆی کردم، بـــە دایکـــم وت: ئەویش پێیانی وت: خەریکبوو دایکم بخۆن بەسەد جنێو

> پاش ئەوەی دادگا ڕێوشوێنی یاسایی خۆی گرتەبەر، بڕیاری دا بە (٦) مانگ زیندانی حوکم بدرێ

> تەمەنم پانزە ساڵان بوو کە دایکم و باوکم لێکتۆران، باوکم بە هەموو شێوەیەک سەرکۆنەی دایکمی دەکرد، ڕۆژ نەبوو بڕوبیانویەکی پێنەگرێت و لێینەدا

ئا: باوکی میدیا



و هەرەشـــە دەریانکرد، دایکیشـــم چوو شکایەتی لێکردن، کە زانییان شکایەتیان لێکراوە، هاتن لەگەڵ دایکم پێکهاتن و وتیان، شکایەت مەکەن، ئێمە دەیخوازین، بەڵام پاش هەفتەیەك تەڵاقی دەدەین و لـــە بەرامبەردا پارەتـــان دەدەینێ، ئێمە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندین ناتوانین کچ لە ئێوە بخوازین، پاشـــان(زریان) کچی مامی لێمارەکـــراوە، ماڵی مامی بزانن دنیامان لێدێننـــەوە یەك، ئەوەبوو ناچار بووین کە پێك بێین لەگەڵیاندا، ئەمجارە پاش ئـــەم ڕووداوە دوای چەند مانگێك (زریان) پەیدا بۆوە، دیســـان بە قسەی خۆش لە خشـــتەی بردمەوە، گوایە بە شەرع و بە یاســـا پێشتر ژنی بوویمە و ئێستاش هەر لەو بڕوایەدا مایتەوە، وازی لێنەهێنـــام، ڕۆژانی هەینـــی خانووی بەکـــرێ دەگرت و منیـــش بەبیانووی ســـەردانی ماڵی خزمانمـــان لەگەڵی دەچووم، شـــەو لەگەڵـــی دەمامەوە و پاشـــان فێری خواردنەوەی مەی کردم، ئیـــدی چەند جارێك ئەو شـــتە دووبارە بوونەوە، باوکم هەر هەواڵیشی نەدەپرسین ڕۆژێك(زریان) سەرخۆشی کردم و وتی: ها تەلەفۆن بۆ باوکت بکە و سووکایەتی پێ بکە، منیش وامکرد، کە باوکم زانی چووە لای دایکم و مەســـەلەکەی پێوت و وتـــی بێتەوە ئەو ماڵـــە هەر دەیکوژم ئەگـــەر وەك باڵندەش باڵـــی گرتبێت، ئەوەبوو منیش نەمتوانی بچمەوە دایکم بەجێهێشـــت، ئەو ماوەیـــە هەر(زریان) خەرجی دەکێشا، پاشان چەند کەسێکی ترم ناســـی و ئەوانیـــش دەهاتنە لام و پارەیان دەدامێ، بەمجـــۆرە ئەو ماوەیە ئەوهـــا دەژیام، هەتا ئەو ڕۆژەی پۆلیس دەستگیری کردم.

حوکمدان بە شەش مانگ زیندانی

پاش ئەوەی دادگا ڕێوشـــوێنی یاسایی خـــۆی گرتەبـــەر بڕیـــاری دا بە (٦) مانـــگ زیندانی حوکم بـــدرێ، لەبەر ئەوەی کاری لەشفرۆشـــی کردووە، کە بانگی باوکیشیان کرد کە ئایا کچەکەی وەردەگرێتـــەوە یان نـــا؟ باوکی وتی: من ئەو کچە هەر ناناســـم و دایکیشی ناناسم.

***(فورات ئیسپیر) شاعرێکی سووری نوێخوازە، چەندین دیوانی شیعری بە چاپ گەیاندووە، دیارترینیان (زهره الجبال العارية) و (مثل الماء لا يمكن كسرها)، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو خوێندنی یاسای لە زانکۆی دیمەشق تەواوکردووە، خانمی (ئیسپیر) جگە لە شیعر چەندین وتاری رۆژنامەوانی هەیە، ئێستاش لە سایتە ئەلیکترۆنییە رادیکالەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکان بەردەوام وتار دەنووسێ، لەوانە رۆژنامەی (الاهالی عراقی)، جگە لەمە وەك مافناسێکیش خوێندنەوەی وردی بۆ یاسا و تەشریعاتە یاساییەکان هەیە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە مافەکانی مێینە، (ئیسپیر) بە داکۆکیکارێکی دیاری مافەکانی ژنان دادەندرێت لە سوریا، لە نووسینەکانیدا هەردەم هێرش دەکاتە سەر جیاکاری و ژێندەری و وەك پەتایەك وەسفی دەکات، هەروەها بەردەوام رەخنە لەو یاسا و ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییانەش دەگرێ کە هۆکارێکن بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت، گۆڤاری (گوڵان) لە رێگەی ئینتەرنێتەوە پیوەندی پێوەکرد و ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ سازدا.***

## شاعیر و مافناسی سوری (فورات ئیسپیر) بۆ گوڵان:

# سەروەریی یاسا مەدەنییەکان زامنی چارەسەرکردنی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانە

**• توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەتان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە، بەرێژەیەکی بەربڵاو لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیند و پاکستان بەدی دەکرێت، ئێوە هۆکارە سەرەکییەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- توندوتیژی دیاردەیەکی کۆنە، تا ئیمرۆش هەر بەردەوامە، گەر سەیری چیرۆك و رۆمان و ئەفسانە کۆنەکان بکەین، دەبینین بەشێوەیەك لە شێوەکان گوزارشت لەو دیاردەیە دەکەن، داهێنانی کارەکتەری (شەهرەزاد) هۆکارێك بوو بۆ دەربڕینی ئازار و مەینەتی و داخوازییەکانی ژنان، ئەو هەموو چیرۆك و گێڕانەوانەی لەسەر زاری (شەهرەزاد)ەوە بڵاوبوونەتەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە تاکە چەکی ئەو کاتی ژنان گێڕانەوە و چیرۆك بووە، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ پێشکەوتن لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا گێڕانەوە و چیرۆك، چەکی چیرۆکە و لەبەرامبەردا (بێدەنگی و قەبووڵ کردن) بۆتە جێگرەوەی قسەکانی (شەهرەزاد).

ژنان ئەمڕۆ بە ناچاری بەو قەدەرە دروستکراوە رازین کە پیاوان بۆیان دارِشتوون، ئەوان لەبەر مەسەلەی تەڵاق، ژن بەسەر هێنان، منداڵ، بێوەژنێتی و چەندان مەسەلەی دیکە، هەموو خراپی و ئازارەکانیان قەبووڵە.

هۆکارەکانی توندوتیژی زۆرن، لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازن، ناهۆشیاری هۆکاری بنەڕەتییە، لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هۆشیاری تاك زۆر لاوازە، هۆکارێکی دیکە سایکۆلۆژییەتی پیاوانە کە بەرهەمی ناهۆشیاری و نادادی کۆمەڵایەتییە، لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا تاك بێ ئیرادە و خودان کەسایەتییەکی لاوازە، بە دەست چەندین گرێی دەروونی دەناڵێنێ.

لە رووی بەراوردکارییەوە ناکرێ بەراورد لە نێوان ژیانی ژنانی عێراق و سوریا و ئەفغانستان و ئێران لەلایەك لەگەڵ ژنانی وڵاتانی سویسرا و فەرەنسا بکەیت، جگە لە هۆشیاری، جیاوازییەکی بەرچاو لە یاسای پارێزگاریکردن هەیە، لای ئێمە دارِێژەرانی یاسا تەنیا پیاوانن، دیارە ئەوانیش خاوەن چ سایکۆ و نەفسێکن، کەواتە ناکرێ چەند خاڵێکی دیاریکراو وەك فاکتەر دەستنیشان بکەین چونکە دیاردەکە دیاردەیەکی دوور مەودایە، وابەستەی زیاتر لە فاکتەرێکە.

**• بەڵام بۆچی زیاتر لە نێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بڵاوە؟**

- ئایینی ئیسلام لە رووالەتدا هەوڵی دەسەبەرکردنی ئازادی ژنانی داوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەشێوەیەك لە شێوەکان توندوتیژی دەرهەق بە مێینە قووڵترکردووە، کاتێك مێینە بە پەراسوویەکی لاواز دەشوبهێنێ لێرەوە ئیشکالییەتی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدا، ئیشکالییەتی ئەوەی ئەوپەراسووە لاوازە پێویستی بە رێنمایی، چاودێرییە، بە تەئدیب و لێدان هەیە، لە ئیسلامدا چەمکی (تەئدیب) چەند شکڵ و شێوەیەکی هەیە لەوانە، جێهێشتن و .. تاد کە ئەمە هانی توندوتیژی دەدات.

زۆر خاڵی دیکە هەیە ئافرەت وەك کاراکتەرێکی ناتەواو سەیر کراوە، وەك لە مەسەلەی میراتدا دوو ئافرەت مافی یەك پیاویان هەیە، هەروەها لە گەواهیدان و شەهادەشدا بە هەمان شێوە گەواهی دوو ژن بە گەواهی یەك پیاو هەژمار دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی یاسا و تەشریعاتی ئیسلام تەئکید لەسەر باڵادەستی و زاڵی پیاوان دەکات.

لە رووی پەروەردەکردنی منداڵیش دیسان ژن مافی خوراوە، ئافرەت تەنیا خزمەتی بەخێوکردن و پێگەیاندن و جل شووشتن



و نان ئامادەکردن و چێشت لێنانی پێدراوە، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە لەسەر منداڵەکانی، پیاو هەموو بڕیارەکانی لە دەستە ئەو دەستنیشانی ژیانی کچ و کوڕەکانی دەکات، بە ئارەزووی خۆی شێوەی ژیانیان دیار دەکات تا ئەو رادەیەی دەستنیشانی زاوا و بووك بۆ منداڵەکان دەکات.

دەکرێ بڵێین، کۆمەڵگە بە پیاوان و ترادسیۆنەکانی و پیاویش بە بیرو باوەڕەکانی هەموویان دەستیان لە قووڵکردنی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی دەرهەق بە ژنان هەیە.

لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا جیاکاری نابیندرێ، رۆژئاوا دەمێکە خۆی لە تەشریعات و تێکستە ئاینییەکان قوتار کردووە، لەوێ یاسا پشت بە تێکست و ئەحکامە ئاینییەکان نابەستێ، بەڵکە یاسای مەدەنی سەروەرە و بەهۆیەوە قۆناغی جیاکاری دەربازکراوە، بۆیە گەر بمانەوێ لە ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ رزگاربین، پێویستە یاسا مەدەنییەکان سەروەر و باڵا دەست بن.

**• زۆرینەی لێکۆڵەران و پسپۆرانی بواری سۆسیۆلۆژیا راوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لە بارەی ئایا لە رێگەی یاساوە چارەسەری پرسی توندوتیژی بکەین یان سەرەتا دەبێ کۆمەڵێك هەنگاوی کۆمەڵایەتیی و ئابووری و هۆشیاری بگرینەبەر، رای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

- مەسەلەی یاسا و تەشریعاتەکان مەسەلەیەکی گرنگە پێویستە دووبارە یاساکان سەر لەبەر دابڕێژینەوە، بەتایبەت ئەو یاسایانەی بۆنی جیاکاری و باڵادەستی پیاوانیان لێدێت، زۆر بەندی یاسایی هەیە هۆکارن بۆ لێك دوورخستنەوە یان و درێژکردنەوەی دوورایی نێوان نێر و مێ.

لە رۆژهەڵاتدا یاسا بەهزری پیاوان دادەڕێژرێ، هەموو یاساکان لە بەرژەوەندی خۆیان دادەنێن، باڵادەستی پیاوان لە رووی ئابوورییەوە هۆکارێکی دیکەیە تا پیاوە چۆنی بوێت بەو شێوەیە ئافرەت رام بکات، لەلایەکی دیکەوە تەشریعاتە ئاینییەکان هەردەم تەئکید لەسەر سەروەریی بڕیاری پیاوان دەکەن و لە مافەکاندا جیاوازی دیاریان لە نێوان نێرومێدا بەرهەم هێناوە.

خاڵێکی یەکجار گرنگ مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، مەسەلەی خۆ ئازاردان و پەیڕەوکردنی توندوتیژی لەلایەن ئافرەتانەوە دەرهەق بەخۆیان، تا ئێستا لێکۆڵینەوەکان نەگەیشتوونەتە راڤەیەکی باوەڕهێن دەربارەی ئەو ژنانەی بەخۆکوشتن یان خۆسووتاندن کۆتایی بە ژیانیان دێنن.

خۆسووتاندن وەك بەهێزترین کرداری توندوتیژی، دەبێ چ هۆکارێك وابکات ژنان بەو شێوەیە ئازاری خۆیان بدەن؟ ئایا هۆکارێکی دەرەکییە یان سایکۆلۆژی.

هەندێك دەڵێن ئەمە رەنگدانەوە توندوتیژی دەرەکییە لەسەر ئافرەتان کە دواجار توندوتیژی دەرهەق بەخود بەرهەم دێنێ، بەڕای من پاڵنەرەکە پاڵنەرێکی زاتی-سایکۆلۆژییە کە هانی ژنان دەدات توندوتیژی لە رادەبەدەر تا رادەی خۆکوشتن دەرهەق بە خودی خۆیان پەیڕەو بکەن، ئەو شێوە توندوتیژیە خراپترین شێوەیە، کردارێکی ئاڵۆز و ترسناکە، زیانی لەسەر خود و دەورووبەریش هەیە.

**• توندوتیژی وەك دیاردەیەك چ ئاسەوارێك لەسەر کۆمەڵگە و ئافرەتان جێدەهێڵێ؟**

- توندوتیژی بە گشتی ئاسەواری خراپ لەسەر ژن و پیاو و منداڵ جێدەهێڵێ، بەڵام قوربانی گەورە منداڵە، ئەم قوربانیدانەش خۆی لە دیاردەکانی، وازهێنان لە خوێندن، بێکاری، تاوان کردن، جگەرە کێشان، دەبینێتەوە کە دەرەنجام کیانی خێزان پارچە پارچە و شکست دەکات.

**• بەڕای ئێوە ئەو هەنگاو و رێگە و شوێنانە چین کە پێویستە پەیڕەو بکرێن بۆ بەرگرتن لە دیاردەی توندوتیژی و پاشان نەهێشتنی؟**

- هەنگاوی یەکلاکەرەوە سزادانی توندی ئەوانەیە کە خۆیان یان دەوروبەریان ئازار دەدەن، جا ئەو ئازارە دەروونی بێ یان جەستەیی، لای ئێمە هێشتا ئافرەتان بەبیانووی ئەوەی کە بە رای باوك و براکانیان مێرد بە خزم و کەسە نزیکەکانیان ناکەن، دەکوژرێن، بۆ نموونە هێشا لە سوریا دروزییەکان رێگە نادەن کچەکانیان مێرد بە غەیرە خۆیان بکەن، ئەگەر کچان سەرپێچی ئەو نەریتە بکەن، ئەوا رووبەڕووی توندوتیژی و کوشتن دەبنەوە، ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤە ئەو حکومەتانە ناچار بکەن یاساکانیان بگۆڕن یان هەموار بکەن، بەتایبەت ئەو یاسایانەی بۆنی جیاکارییان لێدێت، میدیاش دەتوانێ بە ئەرکی هۆشیاری و رۆشنبیری هەڵسێ، ئینجا سزادانی توندی سەرپێچیکاران.

**پێویستە سزای توووندی ئەوانە بدرێت کە توندوتیژی جەستەیی یان مەعنەوی دەرهەق بە ئافرەتان دەکەن**